# هەڵسەنگاندنێکی رەخنەگرانە بۆ کتێبی
# (تأريخ الترك والتركمان فى أربل-
# أربيل)ى (د.أميد ابراهيم جوزلى)



# تاريخ الترك والتركمان في اربل اربيل



د. أميد ابراهيم جوزه لي

# ناساندنێکی نوسەری کتێب

# ناساندنی کتێبەکە

*

# خوێندنەوەیەکی رەخنەگرانە

1-لەبارەی مێژووی کۆنی تورك وهەولێر.

2-لەبارەی مێژووی ناوەراستی تورك وهەولێر.

# پوختەی هەڵسەنگاندن

●1)ئەم کتێبە بەهەستێکی دەمارگیرانە بۆ تورك نووسراوە وخاوەنەکەی هەست وسۆزی نەتەوەیی تورکی زۆر بەسەریدا زاڵە . بەتایبەتی رۆشەنبیریەکەی بەتەواوی تورکیە .

●2)سەرەرای تەئکید کردنەوەی لەسەر ئەوەی کەتورك دانیشتوانی رەسەن وسەرەکی شاری هەولێرن ، بەلام وەك لەبەلگە مێژووییەکان دەردەکەوێت سەرەتای پەیدابوونیان دەگەرێتەوە بۆ سەرەتای هاتنی شەپۆلی سەربازیی تالانچێتی وداگیرکەرانەی غوز وسەلجوقیەکان بۆ شارەکە، واتە لەناوەراستی سەدەی 5ك/11ز .بەلام لەگەل ئەوەشدا تاکو سەردەمی ئەتابەگیەکان واتە سەدەی 6ك/12ز لەهەولێر ناوی تورك نابردرێت لەسەرچاوەکاندا.

●3)هەرچەندە ماوەیەك زووتریش ناوی تورك لەسەرچاوەکان دێت بەتایبەتی لەسەردەمی خەلیفەی عەباسی المعتصم لەسالانی 218-227ك کەبۆ یەکەمجار بەرێژەی زۆر هێناویەتنیە ناوچەکە بەلام ئەو کاتە لەشێوەی سەرباز وکۆیلە دەهێنرێن ولەسەرئاستی خیلافەتیش لەعێراق نەوەکو لەهەولێر ، بەلام لەو کاتانەش هەر وەکو سیفەتێکی باویان بەکاری تالانی ودزی خەریکبوون ئەوەتا هەروەکو سەرکردەی تورکی دیار بەناوی (بەجکەم) لەئەنجامی تالانی لەسەردەستی کوردێك دەکوژرێت.

•4)هەموو ئەو سەرچاوانەی لەو کتێبەدا دەیەوێت لەپەنای سەرچاوە کۆن ورەسەنەکان بەکاریان بێنێ وشۆڤینیەتەکەی خۆی پێ پەردەپۆش بکات وزانیاریەکانی پێ تەزویر بکات سەرچاوەی هاوچەرخی تورکی دەمارگیرن .

•5)بەجۆرێك رەسەنی وخاوەندارێتی تورکمانی لەهەولێر باسکردووە کورد لەشارەکەی خۆیدا بووەتە میوان وبگرە بەمیوانیش قبول نەکردووە چونکە زۆر بەدەگمەن ناوی دەهێنێ .

•6)هەلەی مێژوویی زۆری کردووە لەبەر قولبوونەوە لەدەمارگیری خۆی لەبیرکردووە .

•7)بەئەنقەست ولەپێناو خزمەتکردن بەبیری رەگەزپەرستانەی تورك زۆر لەراستی مێژووییشی گۆریوە ،تەنانەت ئەوانەی تایبەتن بەمێژووی گەلانی کۆنیش .

•8)زۆر لەزاراوەکان وناوە مێژووییە دیارەکان لەپێناو خزمەتکردن بە بیرو بۆچوونی خۆی ووبەبێ بەلگە مانا دەکاتەوە .

•9)سەرەرای ئەوەی لە پێشەکیەکەیدا دەلێت :پێویستە لەسەرمان راستی مێژوویی ئاشکرا بکەین وبەشێوەی واقیعی بینووسینەوە لەسەر بنەمای پاراستنی ئەمانەتی زانستی . بەلام خۆی پێچەوانەی ئەمەی کردووە .